# یادێ لە مەولەوی

حامد شافعی

ئەی باخەوانی شیعری تەڕ گەوهەر لە خامەت دێتە دەر
شیعرت هەوارگەی هەساوە فێنکی نسار گەرمای تاوە
بەرژوای کوورەی عیرفانی رێبواری رێگای قورئانی
شیعری خوایی بووژایەوە باخی ئەدەب را زایەوە
شۆرشت خستە هۆنراوە هەنگاوێ بەرزت هەڵناوە
خاوەن بیران مەدهۆشی تۆ حەیرانی بادەی خۆشی تۆ
نەوای قومری دەنگی بولبول سەرچاوەی جوانی واتە گوڵ
پلەی وتەت هێند بالآیە هەم شیعرە هەم مۆسیقایە
پڕ لە سۆزی عیرفانیە باسی جیهانی فانیە
هەمووی پڕ لە خۆفی خوایە دیارە بڕوای عارف وایە
شیعرت ویردی رۆژو شەومە لایە لایەی کاتی خەومە
شناوی دەریای سەرمەستیت ئەشقی بواری خوا پەرەستیت
هۆنراوەت گشت ئاوازەیە بێ گەردە هێمان تازەیە
چی کۆن بوو هەڵ وەشایەوە زەوقی هونەر گەشایەوە
وتەت ڕەواجی دراوە رەنگی ئەشقی لێ دراوە
ئەدەبو عیرفانی کوردی نەیدیوە کەس وا بەوردی
ڕاژبنەری لانکەی دڵ بێ بولبول بێ حەیرانی گۆل بێ
تۆ بووی رشتت چاوی هەڵبەست خەنەت بو گرتە هەر دوو دەست

تۆ هۆنەرێکی تەڕفامی    خێوی خێوەتی کەلامی
هێناتە کوڵ تەژگای هەستم    بە بادەی ئەلەستیت مەستم
وتەت ناخی دڵ پەی دەکا    عیسایە مردوو حەی دەکا
دەمخاتە کەژاوەی خەیاڵ    ڕام دەژێنێ بێ قرمو وقاڵ
پتەوی شیعری نیزامی    سەعدی سەنائی یا جامی
نەشئەی سەرمەستانی ئەزەڵ    بەزمی شیعری حافظ غەزەڵ
ئیلهامی کەم وێنەی گۆران    کە بە سروشت دڵی دۆڕان
وەك جزیری مەفتونی خوا    کە غەیری خوا لە هیچ نەدوا
دیوانت مەکۆی شیعری تەڕ    هەتوانی تەمیان و.کەسەر
سارا بە کۆشی پڕ لە گوڵ    سۆزی ئەویندارى بە کوڵ
جوانی دیمەنی تاوەگۆز    بەرزی بە تەرزیىنەکە ڕۆز
شوان بە بلوێری دەسیەوە    مامز بە چاوی مەسیەوە
لالە بە داخی دڵیەوە    کەوباز بە خاڵی ملیەوە
ئەوەی وتم هێشتاکە من    لە دیوانی تۆدا جەمن
شیعری زستانت مەحشەرە    شیعری چی؟ زێرە گەوهەرە
خاکە لێوەت کرد بە زاوا    بۆ نەمامی تەرووساوا
غارت کرد بە ژوانگەی دلاّن    تا هاتنی مانگی گولاّن
یەخ ئاوێنەی بووکی تۆیە    سیخوار خشڵو وگوارەو گۆیە
کام شاعیر بۆ بووکی خەیاڵ    تەم دەکا بەچار شێووشاڵ
بەزمت بە پاکرد مەولەوی    بۆ سەرخۆشانی مەعنەوی
لە ریزی خاوەن ڕێزانی    لێ زانی ئیجگارڕێ زانی
بۆ بەرزی پایت مەولەوی    کورتن قەسیدە و مەسنەوی
هۆنراوەت دورری یەمانی    لە کەلامدا زۆر یەمانی

هەوینێ هەڵبەستی جوانین غەرامی باکوو عیرفانین
باسی سروشتی خوا دەکەی لەم سینەگڕ بەرپا دەکەی
دیوانت کانەیەکانی سەرریژ لە رووناکیو جوانی
فریشتەی عەرشی خودایی بە هەڵبەستت وەك سەودایی
لە ئەرزەوە تاکوو سەما بە هۆنراوەت دێنە سەما
کەلامی تۆ کەم وێنەیە شۆری دەف و ناڵەی نەیە
قەڵپەزەی ئاوی کانیە ئیعجازی تابلۆی مانیە
خوورەی ئاوی جۆبارانە مایەی بەزمی دڵدارانە
نەغمەی چەنگی نەکیسایە ویردی کۆڕی عورەفایە
شیعرت بیر تیژی تاوەگۆز ئەی خاوەنی هەستی بەسۆز
بوو بە لاوك بوو بە حەیران لەکۆری شین یا لە سەیران
ئاسمان بە سنگی شینەوە دەریا بە لرفەو تینەوە
میخەك بە بۆنی خۆشەوە عارف بە جەزبەو جۆشەوە
خولقاندت شیعری سیحراوی بۆ بیروو بڕوای گڕاوی
بێ فێرگەو زانسگەو مەکتەب بووی بە شۆرەی سواری ئەدەب
جامی دەستی مەی نۆشانی هەژێنی هەستی جۆشانی
ڕووگەو ڕەوگەی دڵ ڕێشانی دەوای ئێشانوو نێشانی
پێم خۆش بوو بێمە لاتەوە چاو لە سەروو سیماتەوە
بەو مینای بێ گەردی بادە کە رۆحی تۆ پێی دڵشادە
پەی پەی بڕێژمە کامەوە بەو بۆنوو عەتروو تامەوە
من کێم بە خامە یا نامە لە تو بدوێم ئەی کارئامە
بەسمە ئەبڕێنمەوە باسم ئەرۆم مەولەوی بناسم

سقز ـ هاوینی ٧١